# پێغەمبەر دانیال

دانیال ١ و ٦

لە وانەی ڕابردوو، تەماشای سیپارەی ئێرمیامان کرد. پێغەمبەر ئێرمیا نزیکەی شەش سەد ساڵ پێش هاتنی مەسیح ژیا. بینیمان چۆن ئێرمیا جولەکەی قەومی خۆی ئاگادار کردەوە و پێیانی ووت ئەگەر لە گوناهەکانیان تۆبە نەکەن و ڕوو لە خودا نەکەن، ئەوا سوپای نەتەوەی بابلی شارەکەی قودس وێران دەکەن و بە کوێلە دەیانبەن. بەداخەوە، زۆربەی جولەکەکان گوێیان لە پێغەمبەرە ساختەکان گرت و ڕەتیان کردەوە وریای پەیامەکەی ئێرمیا ببن. بۆیە خوێندمانەوە چۆن سوپای بابلی هاتن و شاری قودسیان وێران کرد و جولەکەکانیان ڕاکێشا بەرەو بابل. هەموو شتێك وەك ئەوەی خودا لەسەر زاری ئێرمیای پێغەمبەری پێشبینی کرد ڕووی دا.

بەڵام وێران بوونی قودس مانای ئەوە نەبوو کە خودا پشتی لە جولەکە کرد، ئەو قەومەی زۆر لەوە پێش هەڵبژاردبوون. خودا ناتوانێ ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستای لە بیر بکات کاتێ فەرمووی، (هەموو نەتەوەکانی جیهان لە تۆوە بەرەکەت دەکرێن.) خودا پلانی خۆی لە بیر نەکردبوو بە ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان لەنێو نەتەوەی جولەکە کە لە نەوەی ئیبراهیمن. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن خودا ئاگای لە جولەکەکان بوو لە بابل بۆ ماوەی حەفتا ساڵ تا ئەو ڕۆژەی هێنایانیەوە قودس، هەر وەك بەڵێنی دابوو.

ئێستا پلانمان وایە دەربارەی پیاوە گەنجێکی جولەکە بخوێنینەوە، کەوا یەکێك بوو لە گیراوەکانی بابل. ئەو گەنجە پێغەمبەری خودا دانیالە. ناوی دانیال مانای (خودا دادوەرمە) یە. ئەو گەواهی دانیال بوو بە کورتی. دانیال لە کەس نەدەترسا تەنها لە خودای باڵادەست نەبێت، ئەو خودایەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەموو کەس دەبێت حیسابی لەگەڵدا بکات. دانیال هیچ گرنگی نەدا بەڕای مرۆڤ دەربارەی ئەو. تەنها بیری خودا گرنگ بوو لای ئەو. خودا دادوەری دانیال بوو. دانیال باوەڕی بەوە هەبوو کە پێغەمبەر سلێمان زۆر لەوە پێش نووسیبوی، کە دەڵێ: (ترسی مرۆڤ تەڵە دەنێتەوە، بەڵام ئەوەی پشت بە پەروەردگار ببەستێت پەناگیر دەبێت.) (پەندەکان ٢٩: ٢٥)

خودا هانی دانیالی دا سیپارەیەکی بنچینەیی بنوسێ. سیپارەی دانیال بینینی (یاخود پێشبینی) زۆر لە خۆ دەگرێ کە مێشکی مرۆڤ ناتوانێ داییێنێ. تەنها خودا دەزانێ لە ئایندە چی ڕوو دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر دانیال زۆر شتی دەربارەی مێژووی نەتەوەکانی جیهان نووسی — و مێژووی ئەو نەتەوانەی نووسی پێش ئەوەی تەنانەت ئەو نەتەوانە درووست بن! بۆ نموونە، دانیال نووسی چۆن شانشینی فارسی و یۆنانی و ڕۆما دێنە ئاراوە و پاشایەکانیان چی دەکەن. و ئەو شتانەی نووسی سەدان ساڵ پێش ئەوەی ئەو نەتەوانە بوونیان هەبێ! هەروەها، وك زۆربەی پێغەمبەرانی خودا، دانیال سەبارەت بە هاتنی یەکەم و هاتنی دووەمی مەسیحی نووسی. دانیال پێشبینی کرد کە یەکەم هاتنی مەسیح (دەبڕدرێتەوە) بە مانای دەکرێ کوژراوەك بە قوربانی گوناه (دانیال ٩: ٢٦)، بەڵام کە مەسیح دەگەڕێتەوە سەر زەوی ئەوا هەموو جیهان دادوەری دەکات لە ڕاستودروستی. بخوێنن لەو بینینەی پێغەمبەر دانیال هەیبوو سەبارەت بە هاتنی دووەمی مەسیح: تەماشام دەکرد و تەختەکان دانران و دێرینی ڕۆژان دانیشت، جلەکانی وەک بەفر سپی بوون و مووی سەریشی وەک خوری بێگەرد وابوو و تەختەکەشی بڵێسەی ئاگر بوو و چەرخەکانیشی ئاگری داگیرساو بوو. ڕووبارێکی ئاگر هەڵقوڵێ و لە بەردەمیەوە دەرچوو، هەزاران هەزار خزمەتیان دەکرد و دەیان هەزار دەیان هەزار لە بەردەمیدا ڕاوەستاون. جا دادگا دانیشت و کتێبەکان کرانەوە.

لە بینینی شەودا دەمبینی، ئەوەتا لەگەڵ هەوری ئاسماندا یەکێک وەک کوڕی مرۆڤ بوو هات، بۆ لای دێرینی ڕۆژان هات و

بردیانە بەردەمی. جا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا تا هەموو گەلان و نەتەوەکان و زمانەکان خزمەتی بکەن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی تاهەتاییە و لەناو ناچێت، پاشایەتییەکەی بنبڕ نابێت. (دانیال ٧: ٩، ١٠، ١٣، ١٤)

ئێستاش، تەماشای چیرۆکی پێغەمبەر دانیال خۆی دەکەین. لەیەکەم بەشی سیپارەی دانیال، دەبینین چۆن نەبوخەدنەسەری پاشای بابل، هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی چەن گەنجێکی جولەکە تاکو مەشقیان پێ بکات خزمەت بکەن لە پاشایەتییەکەی. ئەو کەسانەی هەڵدەبژارد کە زۆر ڕێك وپێك و زیرەك بوون — ئەوانەی حەزیان لە هەموو شێوازەکانی فێربوون هەبوو و توانای فێربوونی ئەلف و بای قورسی زمانی بابلیان هەبوو. دانیالیش یەکێك بوو لەوانە پاشا هەڵیبژاردن.

بۆیە دانیال دەستی کرد بە خوێندن لە قوتابخانەکانی بابل. بەڵام، دانیال لە یەکەم ڕۆژە تووشی کێشەیەك بوو. پاشای گەورەی بابل بڕیاری دابوو کە ئەو گەنجانەی هەڵیبژاردبوون و بەشێك بوون لە قوتابخانەکەی دەبوایە باشترین شەراب بخۆنەوە و باشترین خواردن بخۆن. بەڵام، ئەم شەراب و خواردنە پێش کەش کرابوو بە بتەکان. ئایا دانیال دەتوانێ بەشداری بکات لە پەرستنی بت؟ بێ گومان نەخێر! باشە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی دانیال لە خودا دەترسا. دانیال پێی باشتر بوو بمرێ نەوەك شتێك بکات پەروەردگار خودای توڕە بکات. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بەڵام دانیال خستیە دڵییەوە کە بە خواردنە خۆشەکانی پاشا و بە شەرابی خواردنەوەکەی گڵاو نەبێت، جا داوای لە سەرۆک خەساوەکان کرد کە گڵاو نەبێت. (دانیال ١: ٨)

نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن خودا دانیالی لەو کێشەیە ڕزگار کرد و بەرەکەتداری کرد و زانیاری و داناییێکی قوڵی پێ بەخشی، بۆیە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بۆیە **دانیال** لە هەموو کاروبارێکی دانایی تێگەیشتن کە پاشا لەبارەیانەوە لێیانی پرسی، بینی دانیال دە هێندە لە سەرووی هەموو جادووگەر و ساحیرانی پاشایەتییەکەین. (دانیال ١: ٢٠) بۆیە، بۆ ماوەی حەفتا ساڵ، دانیال بۆ چوار پاشای جیاواز کاری کرد و خودا لەگەڵی دا بوو.

ئێستا حەز دەکەین تەماشای چیرۆکێکی ژیانی دانیال بکەین — چیرۆکێك کە پێمان نیشان دەدات دانیال لە کەس نەدەترسا تەنها لە خودا نەبێت. دەبینین چۆن دانیال جیاوازتر بوو لە لەو کارمەندانەی بۆ پاشا کاریان دەکرد. ئەوان لە جۆرە پیاوانە بوون کە زۆر بە ئاسایی ڕاستییان وەردەگێڕا و بەرتیلیان وەردەگرت — لەبەر ئەوەی ترسی خودا لە دڵیان نەبوو. بەڵام دانیال هەموو ناڕاستودروستێك و ساختەکارییێکی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی ترسی خودا دڵی پڕ کردبوو. پێی باشتر بوو فڕێی بدەنە ناو چاڵی شێرەوە نەك دڵی خودا بشکێنێ.

ئەو شوێنەی چیرۆکەکەمان دەست پێ دەکات، دانیال ئێستا پیرەمێردکە و بە دڵسۆزییەوە خزمەتی چوارەم پاشای خۆی دەکات. شانشینی بابل چی دی پێی ناوترێ بابل، بەڵکو فارس، لەبەر ئەوەی دوو نەتەوە، نەتەوەیی ماد و فارس، بابلیان بەزاند و دابەشی دوو پارچەیان کرد، هەروەك پێغەمبەر دانیال پێشبینی کردبوو. لە بەشی شەش، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:
(دانیال ٦) [١] داریوش پێی باش بوو سەد و بیست میرزا بەسەر پاشایەتییەکەوە دابنێت و بەسەر هەموو پاشایەتییەکەوە بن. [٢] لەسەر ئەمانیشەوە سێ وەزیر یەکێکیان دانیال بوو، تا میرزاکان حیسابەکان بخەنە بەردەمیان بۆ ئەوەی پاشا زیانی پێ نەگات. [٣] جا ئەم دانیالە لە هەموو وەزیر و میرزاکانی تێپەڕاند، چونکە ڕۆحێکی تەواوی تێدابوو و پاشاش بیری کردەوە کە بەسەر هەموو پاشایەتییەکەی دابنێت.
[٤] وەزیر و میرزاکان بەدوای هەڵەیەک دەگەڕان لە دانیالدا بیبیننەوە سەبارەت بە پاشایەتییەکە، بەڵام نەیانتوانی نە هەڵە و نە سووچ بدۆزنەوە، چونکە دەست پاک بوو و خەتا و سووچی تێدا نەبوو. [٥] ئینجا ئەو پیاوانە وتیان: (هیچ هەڵەیەک لەم دانیالە نابینینەوە، تەنها ئەگەر لەبارەی شەریعەتی خوداکەیەوە نەبێت.)
[٦] جا ئەو وەزیر و میرزایانە لەلای پاشا کۆبوونەوە و ئاوایان پێ وت: (ئەی داریوش پاشا تاهەتایە هەر بژی! [٧] هەموو

وەزیرەکانی پاشایەتییەکە و مەرزەوانەکان و میرزاکان و ڕاوێژکارەکان و فەرمانڕەواکان ڕاوێژیان کرد کە فەرزێکی پاشایانە دابنێن و بە تووندی جاڕبدەن کە هەر کەسێک بۆ ماوەی سی ڕۆژ داوایەک لە خودایەک یان مرۆڤێک بکات، تەنها لە تۆ نەبێت ئەی پاشا با فڕێ بدرێتە ناو چاڵی شێرەکانەوە. [8] ئێستاش ئەی پاشا جاڕدانەکە جێگیر بکە و نووسینەکە ئیمزا بکە بۆ ئەوەی وەک شەریعەتی ماد و فارس نە گۆڕبێت کە پووچەڵ نابێتەوە. [9] لەبەر ئەوە داریوش پاشا نووسین و جاڕدانەکەی ئیمزا کرد.

[10] کە دانیال بە ئیمزاکردنی نووسینەکەی زانی، چووە ماڵەوە و پەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوەی کە ڕووەو ئۆرشەلیم کراوە بوو، جا سێ جار لە ڕۆژێکدا چووە سەر چۆک و لەبەردەم خوداکەی نوێژی کرد و سوپاسی کرد وەک پێش ئەوە دەیکرد. [11] جا ئەو پیاوانە کۆبوونەوە و بینیان دانیال لەبەردەم خوداکەیدا داوا دەکات و دەپاڕێتەوە. [12] بۆیە چوونە پێشەوە و لەبەردەم پاشا لەبارەی جاڕدانەکەی پاشا قسەیان کرد: (ئەی پاشا، ئایا تۆ جاڕدانێکت ئیمزا نەکرد کە هەر کەسێک تا سی ڕۆژ لە هەر خودایەک یان مرۆڤێک داوایەک بکات تەنها لە تۆ نەبێت ئەی پاشا، فڕێ دەدرێتە ناو چاڵی شێرەکانەوە؟)

پاشا وتی: (فەرمانەکە ڕاستە و وەک شەریعەتی ماد و فارس وایە کە پووچەڵ ناکرێتەوە.)

[13] ئینجا وەڵامیان دایەوە و لەبەردەم پاشا وتیان: (ئەو دانیالەی لە نەوە ڕاپێچکراوەکانی یەهودایە هیچ گوێی نە بە تۆ ئەی پاشا و نە بەو جاڕدانەی کە ئیمزات کرد نەداوە، بەڵکو ڕۆژی سێ جار داواکاری خۆی داوا دەکات.) [14] کە پاشا گوێی لەم قسەیە بوو زۆر ڕقی لە خۆی هەڵستا و دڵی لەسەر دانیال دانا تا فریای بکەوێت و تا خۆر ئاوابوون تێکۆشا تا دەربازی بکات. [15] ئینجا ئەو پیاوانە لای پاشا کۆبوونەوە و بە پاشایان وت: (ئەی پاشا بزانە کە شەریعەتی ماد و فارس ئەوەیە کە هەر جاڕدانێک و فەرمانێک پاشا دای بنێت، ناگۆڕدرێت.) [16] ئەوسا پاشا فەرمانی دا و دانیالیان هێنا و فڕێیان دایە ناو چاڵی شێرەکانەوە، پاشاش بە دانیالی وت: (خودات ئەوەی تۆ بەردەوام خزمەتی دەکەیت، ئەو ڕزگارت کات.) [17] ئینجا بەردێک هێنرا و لەسەر دەمی چاڵەکە دانرا و پاشاش بە مۆری خۆی و مۆری گەورەپیاوانی مۆری کرد، نەوەک لەبەر دانیال شتێک بگۆڕدریت. [18] پاشاش گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی و بە ڕۆژووگری مایەوە و کەنیزەکانی نەهێنرانە بەردەمی و خەوی لێزڕا.

[19] ئینجا پاشا بەیانی زوو هەڵستا و بە پەلە چووە لای چاڵی شێرەکان. [20] کاتێک لە چاڵەکە نزیک بووەوە، بە دەنگێکی پەشیمانییەوە دانیالی بانگکرد و بە دانیالی وت: (ئەی دانیالی خزمەتکاری خودای زیندوو! ئایا ئەو خودایەی بەردەوام خزمەتی دەکەیت توانی لە شێرەکان ڕزگارت بکات؟) [21] دانیالیش لەگەڵ پاشا قسەی کرد و وتی: (ئەی پاشا تاهەتایە هەر بژی! [22] خوداکەم فریشتەکەی خۆی نارد و دەمی شێرەکانی داخست و هیچ زیانیان پێ نەگەیاندم، چونکە بێتاوان بووم لەبەردەم ئەو و لەبەردەم تۆشدا ئەی پاشا، هیچ تاوانێکم نەکردووە.) [23] ئینجا پاشا دڵی پێی خۆش بوو و فەرمانی دا دانیال لە چاڵەکەوە سەربخەن، جا دانیال لە چاڵەکەوە سەر خرا و هیچ زیانێکی پێ نەگەیشت بوو، چونکە باوەڕی بە خودای خۆی هەبوو. [24] جا پاشا فەرمانی دا و ئەو پیاوانەیان هێنا کە سکاڵایان لە دانیال کرد و فڕێیان دانە ناو چاڵی شێرەکانەوە، خۆیان و ژن و منداڵەکانیان. هێشتا نەگەیشت بوونە بن چاڵەکە، شێرەکان پەلاماریاندان و هەموو ئێسکەکانیان تێکشکاندن.

[25] پاشان داریوش پاشا بۆ هەموو گەلان و نەتەوەکان و زمانەکان کە لە هەموو زەویدا نیشتەجێن نووسی: با ئاشتیتان زۆر بێت! [26] لە منەوە فەرمان دەرچووە بەوەی کە لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتمدا، لەبەردەم خودای دانیال دەتۆقن و دەترسن، چونکە ئەو خودای زیندووە کە بۆ تاهەتایە دەمێنێت، پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت و دەسەڵاتی تا کۆتاییە. [27] ئەو ڕزگاردەکات و فریادەکەوێت و نیشانە و کاری سەرسوڕهێنەر دەکات لە ئاسمانەکان و لەسەر زەوی. ئەو دانیالی لە دەست شێرەکان ڕزگار کرد. ئامین

خوێندیت پاشای بت پەرست چی ووت، لەپاش ئەوەی بینی چۆن خودا دانیاڵی لە شێرەکانی ڕزگار کرد؟ ووتی، (لە منەوە فەرمان دەرچووە بەوەی کە لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتمدا، لە بەردەم خودای دانیال دەتۆقن و دەترسن، چونکە ئەو

**خودای زیندووە کە بۆ تاهەتایە دەمێنێت.)**

ئەی خۆت، لە خودای دانیال دەترسی؟ ڕەنگە بپرسی، (خودای دانیال کێیە؟) خودای دانیال خودای ئیبراهیم و ئیسحاقە و یاقوب. خودای دانیال خودای پێغەمبەر موسا و داوودە. خودا دانیال ئەو خودایەیە کە نووسراوە پیرۆزەکانی پێمان داوە. ئەو خودایەیە کە بەڵێنی ناردنی ڕزگاری دەرێکی داوە کەوا گوناهباران ڕزگار دەکات لە هێزێك کە زۆر بە هێزترە لە هێزی شێرەکان، ئەویش هێزی شەیتان و گوناە و دۆزەخە! خودا دانیال تاکە خودای ڕاستەقینەیە!

لە خودای دانیال دەترسی؟ پرسیارەکەمان ئەوە نیە ئایا لەبرادەرەکانت و بیرەکانیان دەترسی، یان لە باب و باپیرانت و داب و نەریتەکانیان دەترسی، یان جادووکەران و داواکارییەکانیان! پرسیارەکەمان ئەوەیە: لە خودا دەترسی؟ دەتەوێ دڵی پەروەردگار خودا خۆش بکەی و گوێڕایەڵی ووشەی بی؟ دانیال لە خودا ترسا، لەبەر ئەوەش بوو لە مرۆڤـ نەدەترسا. دانیال پێی باشتر بوو شەوێك لە چاڵی شێرەکان بباتە سەر نەوەك دڵی پەروەردگار خوداکەی بشکێنێ! ئەی تۆ؟ لە خودا دەترسی؟ وەك دانیال لێی دەترسی؟ وەك دانیال ڕقت لە ناڕاستودروستیە؟ وەك دانیال خۆش حاڵی بە ووشەی خودا؟ یان تۆش وەك زۆربەی نەوەکانی ئادەمی کە ڕاستی وەردەگێڕن و حەزیان لەپارەیە و نووسراوە پیرۆزەکان پشت گوێ دەخەن؟ لە خودا دەترسی؟

لە وانەی داهاتوو، پلانمان وایە تەماشای هەندێك پێشبینی سەرنج ڕاکێش کە لەلایەن زەکەریاوە نووسراوە، ئەو پێغەمبەرەی لەپاش دانیال هات.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ئەم ڕاستییە گرنگە دەدەیت: **ترسی مرۆڤ تەڵە دەنێتەوە، بەڵام ئەوەی پشت بە پەروەردگار ببەستێت پەناگیر دەبێت.** (پەندەکان ٢٩:٢٥)

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com　　www.rrdk.org



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا دانیال دەتوانێ بەشداری بکات لە پەرستنی بت؟ باشە، بۆچی؟

٢. پاشای بت پەرست چی ووت، لەپاش ئەوەی بینی چۆن خودا دانیاڵی لە شێرەکانی ڕزگار کرد؟

٣. خودای دانیال کێیە؟ ئەی خۆت، وەك دانیال لێی دەترسی، تۆ لە خودا دەترسی؟

٤. دەتەوێ دڵی پەروەردگار خودا خۆش بکەی و گوێڕایەڵی ووشەی بی؟

٥. ئەی تۆ، وەك دانیال ڕقت لە ناڕاستودروستیە؟

٦. ئەی تۆ، وەك دانیال خۆش حاڵی بە ووشەی خودا؟

٧. یان تۆش وەك زۆربەی نەوەکانی ئادەمی کە ڕاستی وەردەگێڕن و حەزیان لەپارەیە و نووسراوە پیرۆزەکان پشت گوێ دەخەن؟